کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:39 10-9-2007

**نوسینی بێبنەماو شەڕێکی ترسنۆکانە ... ئیبراهیم بالیسانی**

ئەو سەردەمانەی کەهۆیەکانی ڕاگەیاندن (پەیوەندی) وەك (بینراو، بیستراو، نوسراو) بە ئەندازەی



ئێستا نەبون، یا ڕێژەکەیان وەك ئەمرۆ فراوان و زۆر نەبوو، تاکەکانی نێو کۆمەڵ وکۆمەڵگەکان بۆ بیستنی هەواڵ و زانیاریەکانی ڕۆژو دەوروبەر گروپ ودەستەو توێژەکان لە دەوری یەکتر کۆدەبونەوە. لەناو ئەو گروپ وپۆلانەشدا کەسێکی کاراو ڕەوانبێژ پێشڕەوایەتی گرێدانی گردبونەوەکانی دەکردو قسەی دەکرد. ئەو کەسە دەبوایە لەهەموو رویێکەوە بەتایبەت (لەروی ڕۆشەنبیریەوە) لەوانی ترشارەزاو دەمکراوەو پڕزانیاری تر بوایە تا بیتوانیبایە سەرنجی خەلك بەلای خۆیدا ڕاکێشی و قسەکانی مایەیی سەرنج و تێرمان بوایە. یەکەم کۆبونەوەی فراوانیش کە بە کۆبونەوەی (جەماوەریی) ناسراو، دوایش بوە نەریتێك بۆ گەیاندنی هەواڵ و گۆرینەوەی زانیاریەکان گۆرەپانێکی گەورەی (ئەسینا) بوو.

دوابەدوایی ئەو داهێنانەوشێوازی پەیوەندیە، کۆبونەوە جەماوەریەکان تەشەنەیان کرد، واتە ئەگەر پێشتر چەند کەسێك لەدەوری یەکتریدا کۆدەبونەوە بۆ گۆرینەوەی زانیاری و هەوالەکان (کەجگە لە کۆبونەوە نهێنیەکان) ئەو جۆرەکۆبونانە گۆردران بۆ کۆبونەوەی فراوان وسەدان و هەزاران کەسی کە تائێستاش ئەو شێوازە هەر بەردەوامە ولایخۆشمان بوونی هەیە.

ئەو شێوازە لە دەربرین و گردبونەوانە زۆرتر ڕۆڵ و دەوری تاك دەردەکەوت، چونکە تەنیا یەك کەس دەئاخاوت و قسەی دەکرد. واتە باقی ئەوانەی تر دەبونە گوێرایەڵ و ناوەناوەش دەستیان بۆ پەیڤەکانی قسەکەر بەرزدەکردەوەو چەپڵەیان بۆ وتاربێژەکە لێدەداو هوتافی جۆراوجۆریان بەدوای یەکدا دەوتەوە. بەلام بەتێپەربونی ڕۆژگارو پێشکوتنی لایەنەکانی کۆمەلایەتی لەناو تاك وگروپ و کۆمەلەکاندا ژمارەی کەسانی ڕەوانبێژ و مدەخل زیاتر دەرکەوتن. بەوەش کۆبونەوەکان گەرمترو پڕ دەمەتەقێتر بون لە نێوان بەژداربوانەوە. ئەگەر چی ڕۆژ بەرۆژ ئەو داهێنانە لەناو هەموو کۆمەڵ و نەتەوەکاندا بوە نەریت کارێکی ئاسایی، بەتایبەت لە کۆبونەوە حیزبیەکان (نهێنی و ئاشکرا) کان. ئەگەر جاران خەلکی وبەشداربوان لەو کۆبونانەوەدا تەنیا گوێیان دەگرت، بەلام لە کۆبونەوە حیزبی و ڕێکخراوەی و دەزگاکانی بەرێوەبردندا، دەردەشە لەنێوان هەموو ئامادەبوان بۆ هەموو بابەت و تەوەرو بەرنامەو کێشەکان دەکرا. جا لەنێوان ئەو تاکانەشدا کەسی بە هەیبەت و ئازاو ڕاستگۆو قسەزان و بەویژدان....

... تا دەردەکەوتن و دەبونە ناوو زوو دەناسران لە ناو کۆمەڵ و پارت و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنیەکاندا. زۆرجار ئەو کەسانەی کە بێترس و دوو دڵی قسەی ناخی خۆیان دەکردو لە هیچ کەس و لایەنێك نەدەسلەمانەوە دەبونە ناوو بە کەسی بەجورئەت دەناسران. لای خۆمانیش لە کۆبونەوە حیزبیەکان (بەتایبەت پێش ڕاپەرین) کادریری سیاسی وسەربازی بەجورئەت هەبون. لە هەموو کۆرو کۆبونەوەکاندا دیدو بۆچونی خۆیان بێترس وسلەمینەوە دەردەبری و بەتوندیش داکۆکیان لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بۆچونەکانیان دەکرد، بەهەمان شێوەش ڕێزیان لە ڕەئی و بۆچونی دژەکان دەنا. لەو سەردەمانەدا گیانی پێکەوە هەڵکردن وئازادی بیروڕاو قبوڵکردنی یەکتری لە لوتکەدابوو. ئەوکەسانەی کەلەکۆبونەوەکان دژبەیەکتری قسەیان دەکرد یا دیدو بۆچونەکانیان لەیەکتری جیابوو، کەلەکۆبونەوەکاندا دەهاتنەدەری وەك جاران هاوری و هەڤاڵی یەکتری بوون. سەنگەریان لەیەکتر نەدەگرت، قسەی پاشملەیان لەسەر یەکتری نەدەکرد، لەکۆبونەوەکانی داهاتوودا بیریان لە تۆڵەکردن نەدەکردەوەو برایانە دەژیان و برایانە تێدەکۆشان بۆ هێنانەدی ئامانج وداوا ڕەواکانیان. لەوشەڕوکارەساتانەی کەرووبەروو دەبونەوە بەئازارو شەهیدو برینداربوونی یەکتری غەمبارو دڵتەنگ دەبوون.

بەلام هیچ لاری لەوەدانیە، ئەمرۆ ئەو گیانە پڕلەخۆشەویستیە نەماوەو نیە!هۆکاری ئەو نەمانەش زۆرن کەلەهەموویان

گرنگترو دیارتر بەرژەوەندیە!چونکە پێشتر بەرژەوەندی گشتی لەسەروی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانەوە بوو. کەچی ئەمرۆ

پێچەوانەیە، تاکەکانی ئەمرۆی نێو سیاسەت و دەزکانی دەوڵەت ئەوەندەی بەتەنگ داخوازیەکانی خۆیانەوەن، بیر لە بەرژەوەندیە باڵاکان ناکەنەوە! وەختێك بەرژەوەندیەکانیان دەکەوێتە بەرهەڕەشەو لەناوچون دەکەونە خۆ بۆ دارشتنی

پیلان و ملشکاندن وناوناتۆرە هەڵبەستن ودەستەگەری لە دژییەکتری!ئەو موئامەڕانەشیان هەموو سنورێك دەبەزێنی و بیر لە

ئایندەیان ناکەنەوە. ئەو ئایندەیەیی کە خۆیان و هاورێکانیان بەجوانترین وخۆشەویسترین شێوە دروستیان کردوپێیەوە ماندوبوون وقوربانیان لەپێناودادا.

بەراستی گرانە، کەسێك ڕۆژانی ناخۆش وپڕئازاری لەگەڵ هەڤالێکی خۆی بەسەربردبی وپێکەوە رووبەرووی مەرگ بوبنەوەو

لەزیندانەدا چۆکیان بەدوژمندادابی وقارەمانیەتیان نواندبی وسەدان بیرەوەری ناخۆش و خۆشیان بەیەکەوە هەبی، کەچی

لەپێناو بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان هەموو ئەو رۆژو یادگاریانە بسرێنەوەو وەلابنێن!یا هاموشۆی یەکتر نەکەن و رقیشیان لەو کەس وهاورێیانەیان بێتەوە کە هەڤاڵیەتی هەڤاڵی پێشوتریی ئەو دەکەن. ئەو جۆرە کەسانە (کە مەبەستم هەندێکیانە) لەبواری سیاسەتدا کەسی ديارو خاوەن ئەزموونن. لە پلەو مەکانەدا دەچنە خانەی پلەی سەرکردایەتی و قیادیی. ئەوانەی ئەوە نەهجیانەو خۆیان بەو ڕەفتارانەوە خەریکردووەو بێئاگاو دوورە پەرێزن لەو ڕووداوە سیاسیانەی کە ڕۆژ بەرۆژ ئەزمونەکەمان بەهۆیەوە بەرەو لەناوچون ولاوازبوون دەبات و کێشەومەبەستە ڕەواکانیان لەبیر چۆتەوە!ڕەنگە ئێستاش هەبی لەناو سەرکردایەتی پارتەکاندابی وکەچی نەزانی ناوەرۆکی بریاری (140) چیەو؟بۆچی نەیارەکانی کورد نایانەوی ئەو بریارە جێبەجێبکرێت؟ بەتائکید هەندی بەرپرس هەن کە ڕۆژگارو ئەو ڕەوشە پلەی پێبەخشیون، بەلام ڕەنگە ناوی هەموو ناوەندەکانی حیزبی خۆشی نەزانی و بەهەمان شێوەش ناوی ێپرسراوەکانیشیان نەزانێت.

ئەو جۆرە کەسانە تەنیا بەردەمی خۆیان دەبینن، بێئاگان لە ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستان وعێراق و جیهان، هەندە لاوازو بێتوانان مرۆڤ نەك هەرپێی عەبیە بەڵکو زۆر زۆریش شەرمە ئەوانە بەرپرس و پێشڕەوی میللەت وئێمەماننبن!لاوازی و نەزانینی ئەوانە هۆکارێکە بۆئەوەی ئەو بەرپرسانە جاروبار پانا بۆ کاری نادروست بەرن و نامەنتقیانە هەڵسوکەوت بکەن. ئامانجیش لەوەداپەردەپۆشکردنی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خەوشەکانی خۆیانەوناشیرینکردنی سیماو روخساری ئەوانەشە کە لەناوخەلك و کادیراندا بەکەسی گران و خۆشەویست و دلسۆز ناسراون و لەوەتەی هەن لەپێناوی میللەت و کێشەکانیان خەبات دەکەن و قوربانی دەدەن.

بۆراستی ودروستی ئەو پەیڤانەشمان ئەگەر ئێمە رۆژانە سەیری بابەتەکانی نێو رۆژنامەکان وسایتەکان بکەین دەبینین

دەیان بابەتی نارەواو پرلەتۆمەت لەسەر کەڵەپیاویی وایی ناو بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلەکەمان دەنوسری وتانەو تەشەرلەو مرۆڤە بەویژدان وخەباتگێرانە دەدری، بێگومان ئەو کەسانەی کەئەو بابەتانەیان لەسەر دەنوسری نەك هەروانیە و خەلکی راست و بەویژدانیش بڕواناکات بەو قسە بێسەروبەرانەو ناراستانە. گرفتەکەش لەوەدایە ئەو نوسینانە بەناوی راست نانوسرێن، واتە زۆربەی نوسینەکان بەناوی خوازراوەوە بلاودەکرێنەوە. هەرچەندە هیچ کەسێك چەندە گەورەو لە پۆستی بالادابی مانای ئەوەنیە کەهەڵەناکات و بەدەرە لە رەخنەلێگرتن. بەلام پێویستە رەخنەکان لەشوێنی خۆیدا بگیرێن و وە بەناوو نازناوی ئاشکراوەبن، وە رەخنەگر پێویستە بەجورئەتەوە هەم لەنوسینەکان و هەم لە رووبەرووونەوەدا رەخنەبگری، وە بەئاشکراش ناوی خۆی بلێ تا خەلك وخوێنەر برواب‌ەبۆچونەکانیان بکەن، نەك بە ناوی نهێنی بنوسن و لەناو کۆرو کۆبونەوەکانیشدا دەمیان ببی بە تەڵەی تەقیو!!!

ئەگەر ئەوە رەفتاری هەندی لە لێپرسراوانی ئەمرۆی خۆمانبی، بەلام لەپاڵ ئەوەشدا هەندی لە نوسەرو رۆژنامەوانان

جاروبار دەکەونە دوای ئەو رەفتارانەی بەرپرسەکان. بەوەی ئەو بەرپرسەی کە نوسینێکی لەسەر بلاودەکرێتەوە، نوسەرێك

یا چەند کەسێکی رۆشەنبیر بانگ دەکاو رایان دەسپێری کەلە سایتەکاندا یا لەسەر رووپەری رۆژنامەو گۆڤارەکاندا هەم وەلامی ئەو بابەتەی کەلەسەری نوسراوە بدەنەوەو هەمیش دەست بکەن بەهەلمەتێکی نوسین دژی ئەو کەسەی کەنوسینەکەی

لەسەر بلاوکردۆتەوە. ئەو نوسەرانەش راستەوخۆ دەچنەژێربارەکەو راسپاردەکە وەك خۆی جێبەجێدەکەن.

ئەو دیاردەیە وەنەبی تەنیا کەسەکان (یەك کەس) ئەنجامی بدات، بەڵکو پارت و حیزبەکانیش بۆدژایەتی یەکتری هەمان

رەفتار یان دووبارەکردۆتەوە. ئەوەتا رۆژانە ناوی چەندین سایت و رۆژنامەو هەفتەنامەو گۆڤاردێن کەگوایە ئەوپارتەدژی

پارتەکەیتر کردونیەتیەوەو بابەت و نوسینی جۆراوجۆر هەم لەسەر پارتەکە بەگشتی و هەم لەسەر کەسەدیارەکانی پارتەکە بلاودەکاتەوە. ئەو دیاردەیەش بونی هەیەو هەڵبەستراو نیە، چونکە لەکاتی ئیمزاکردنی رێکەوتنامەی ستراتیجی

نێوان (یەکیتی و پارتی) ئەو خالەش ئامارەی پێدراوە کەدەبی هەردوولا ئەو کۆمەکە ماددیانەببڕن کە بۆسایت وبلاوکراوەکان هەیانەو پێشتر دژایەتی یەکتریان پێکردوە.

بۆیە ئەو نوسین و بابەتانەی کەلەو جۆرە بلاوکراوانەو سایتانە بەناوی خوازراو بلاودەکرێنەوە نەك هەرنوسینی بێبنەمان، بەلکو نوسەرەکانیش ئەوەنین خەلك باسیان بکات و بابەتەکانیان فلسێکی قەلب ناهێنی و زۆر بێجورئەتیشن!!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.